پارتی و یەکێتی هەڵمەتی راگەیاندن دژی یەکدی رادەگرن



لەتیف نەروەیی، لێپرسراوی بڕدی راگەیاندنی یەکێتیی رایگەیاند، لەپێناو زەمینەسازی بۆ کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردولا، هەڵمەتی راگەیاندنیان لەدژی پارتی راگرتوە هەرچەندە پارتی دوێنێ وەکو پێویست پابەند نەبوە.

لەتیف نەروەیی، لێپرسراوی بڕدی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمڕۆ دوشەممە، بە میدیای نزیك لەپارتی وتوە،وموتابع بەدواداچوونی بۆ کردووە "حیزب رێنمایی دەرکردوە بۆ راگرتنی هەڵمەتی میدیایی و هەورکردنەوەی دژکە بۆ زەمینەسازی بۆ کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردولا لەبارەی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی عێراق و وەرگرتنی پشکی کورد."

لەتیف نەروەیی وتوشیەتیە"هەرچەند لایەنی بەرامبەر(پارتی) دوێنێ وەکو پێویست پابەند نەبو، بەڵام ئەمڕ لە دوێنێوە بەشێوازێکی کردەیی پابەند بوین."

ئەوەش لەکاتێکدایە کە چاوەڕوان دەکرێ لە ڕۆژانی داهاتودا هێردو شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆببنەوە.

لێتیف نەرۆیی ئاماژەی بەوەشداوە "ئەمە هەمیشە هەوڵی بەرگریمان داوە و لە ژێر قەناغیش بە ڕێنمایی حیزب بەدەنگ بوین، بەڵام هەندجار بڕامبەر هەڕشکردنە سەر سەرۆک و حیزبەکەمان بەرگریمان کردوە."